# پەیوەندیەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە

- یەکەم : - پەیوەندی بەڕێوەبەر بە فێرکردن ودەزگاکانی فێرکردن :

- بەڕێوەبەر هوڵدەدات بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی دەزگای فێر کردن ، ئەویش پێگەیاندنی منداڵ وگەشەکردنی کەسایەتی منداڵ و لایەنی جەستەیی وڕەوشتی ، بۆیە بایەخ ئەدات بتوانایی منداڵ بۆ ئەوەی ئامادەیان بکات بەشێوەیەکی راست و درووست تاوەکو ببن بەهاولاَتی سوود بەخشی وهاریکاری لە بارو دۆخی دیموکراتی بکەن وبەئازادی و تەبایی و خۆشەویستی بۆ پێك هێنانی کۆمەڵێکی ڕێك وپێك ، جائەمانە هەموو بڕیارەکانی دەزگای بالآیە پێویستەبەڕێوەبەر لە قوتابخانەدا جێ بەجێ یان بکات .

## دووەم : - پەیوەندی بەڕێوەبەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە :

- لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانە پێویستە هەموو بڕیارەکان وفەرمانەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە جێ بەجێ بکات ،وەبەرێوەبەراتی گشتی پەروەردەش فرمانی دامەزراندنی بەڕێوە بەرو گواستنەوەی و پاداشت کردنی وسزادانی ، وەلە فرمانی خستنی ئەمانە هەمووی بەشێوەی نووسراو بەڕێوەبەر ایەتی گشتی پەروەردە وەردەگرێ ، وە هەروەها بەڕێوەبەری پەروەردە مافی سەرپەرشتی کردنی قوتابخانەو بەڕێوەبەرو هەموو فەرمانبەرانی قوتابخانە ئەکات وەبەڕێوەبەر لێپسراوە بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بەشێوەی راستەوخۆ ، جا پێویستە بەڕێوەبەری گشتی بە چاوی باوك دوور لە جیاوازی سەیری هەموو لایەك بکات .

## سێ یەم :- پەیوەندی بەڕێوەبەر بە مامۆستایان :

- دەبێ بەڕێوەبردن لە سەر بنچینەی دیموکراتی دابمەزرێت ولەسەر بنچینەی خۆشەویستی و تەبایی بنیاد بنرێت ، وە هەروەها مامۆستا ئەبێ هەموو فرمان وئامۆژگاریەکان لە ڕێگای بەڕێوەبەرەوە وەر بگرن ولەسەرەتایی ساڵ بەڕێوەبەر لەگەڵ مامۆستایان کۆدەبێتەوە بۆ دابەش کردنی وانەکان فرمانی قوتابخانە بەسەر مامۆستایان وکارمەندان بە پێی بەرژەوەندی قوتابیان ومامۆستایان ، وە پێویستە لەسەر مامۆستایان ئەم کارو وفرمانانە بە شێوەیەکی ڕێك وپێك جێ بە جێ بکەن ،وەهەروەها بەڕێوەبەر ئەتوانێ لەگەڵ مامۆستایانی یەك بابەت وەیان یەك پۆل بەجیا کۆببێتەوە بۆ مەبەستی سەرپەرشتی کردن لەسەر هەموو فرمانەکانی قوتابخانە بەشێوەیکی راستە خۆ ، وە پێویستە تەبایی وراست گۆیی لە نێوان بەرێوەبەرو مامۆستایان هەبێت .

## چوارەم :-  پەیوەندی بەڕێوەبەر بە قوتابیان :

• بەڕێوەبەر  ئەبێ سەرپەرشتی هەموو چالاکیەکانی قوتابیان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بکات ، وەهەروەها گرنگیەکی تایبەتی بدات بەکارو باری قوتابیان بۆ ئەوەی گەشە بدرێت لە هەموو ڕوویەکەوە ، وە بەڕێوەبەر دەتوانێ بەڕێگای ئاهەنگ گێڕان کردنەوەی پێشەنگاو چالاکیەکانی تری قوتابخانە  پەیوەندی خۆی  وقوتابیان ودەستەی مامۆستایان  پتەو بکات وەبەڕێوەبەر ئەبێ یارمەتی هەموو قوتابیان بدات وەگوێ ی لە گیرو گرفتەکانیان بگرێ و سوود لە بەهرەوە تواناکانیان وەربگرێت تاوەکو قوتابیان بتوانن بە شێوەیەکی چاك لەناو

- قوتابخانەدا بگونجێت ، وەدەبی بەرڕێوەبەر خۆی لە جێی باوك وبرای قوتابیان دابنێ و وەسۆز ودڵ نەرمی وخۆشەویستی ئاراستەی منالاّن بکەن وەهەروەها بە چاوێکی یەکسان و بەبێ جیاوازی مامەڵە لەگەڵ گشت قوتابیان بکات .

## پێنجەم :- پەیوەندی بەڕێوەبەر بە باوکی قوتابیان :

- منداڵان پەروەردە دەکرێن لەماڵەوە بەر لەوەی ڕوولەقوتابخانە بکەن ، جا قوتابخانە دەوری خۆی دەبینێ بۆ تەواو کردنی وبەردەوام بوونی ئەم پەروەردە . بۆیە پێویستە پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە پەیوەندیەکی پتەو بێت ، وەهەروەها گرنگی بدرێت بەتەندروستی و ڕەوشتی منداڵان وەسوود وەرگرتن لە بەهرەو تواناییان ، بۆیە بەڕێوەبەر دەتوانێ بەچەند ڕێگایەك ببەستێت بە باوکی قوتابیان لەمانە :-

١. نامەو ڕا پۆرتە کانی بەڕێوەبەر بۆ باوکی قوتابیان .

٢. داواکردنی باوکی قوتابیان لە هەموو چالاکی یە کانی قوتابخانە .

٣. داواکردن لە باوکی قوتابیان بۆ سەردانی قوتابخانە .

٤. بەڕێگای کۆبوونەوەی باوکان ومامۆستایان .

٥. سەردانی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە دوایی دەوام بۆ ماڵی قوتابیان


پەیوەندیەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە
پەیوەندی بەڕێوەبەر بە فێرکردن ودەزگاکانی فێرکردن
پەیوەندیبەڕێوەبەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
پەیوەندی بەڕێوەبەر بە مامۆستایان
پەیوەندی بەڕێوەبەر بە قوتابیان
پەیوەندی بەڕێوەبەر بە باوکی قوتابیان

# چەمکی بەڕێوەبردن ناو پۆل یان
# بەڕێوەبردنی کۆنترۆڵکردنی ناو پۆل

بۆچوونی جیاواز دەربارەی چەمکی بەڕێوەبردن ناو پۆل هەیە ،هەندێك پێیان وایە کە بریتیە لە پاراستنی هێمنی و ئارامی ناو پۆل ،هەندێکی تر بڕوایان وایە کە چەمکی بەڕێوەبردن ناو پۆل ،بریتیە لە دابین کردنی کەش و هەوای گونجاوو ئازادی ڕادەربرین لە ناو پۆل بۆ خوێندکارەکان.هەندێکی تر دەڵێن بریتیە لە کۆمەڵێك رەفتارو ڕێکاری راستەوخۆ کە مامۆستا لە ناو پۆل پیادەیان دەکات .

- له راستیدا چەمکی بەڕێوەبردن ناو پۆل بەرفراوانترەو بریتیه له كۆمەڵێك چالاكی كه مامۆستا به ئه نجامیان دەگەیەنێت بەمەبەستی دابین کردنی کەش و هەوایەکی گونجاوو دروست له ناو پۆل،كه تیایدا پەیوەندیه كۆمەڵایەتیەکانی نێوان مامۆستاو قوتابیەکان لەلایەك و پەیوەندی نێوان قوتابیەکان خۆیان له لایەکی تر پۆزەتیڤ و ئەرێنی بێت و هیچ كەس سنووری ماف و ئەركەکانی خۆی نەبەزێنی ،لەهەمان كاتیشدا پێویسته زۆربەی فاكتەرو پێداویستیەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەستەبەر بکرێن ،به جۆرێك لەبەرژەوەندی فێربوونی قوتابی بێت.

# گرینگی بەرێوەبردنی (کۆنترۆڵ کردنی ) پۆل:

- گرینگی بەرێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی هێمنی و ئارامی ناو پۆل لەئەوەدایە کە کەش و هەوای پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ سەرجەم خوێندکارەکان دەستەبەر دەکات و پرۆسەی فێرکردن و فێربوون ئامانجەکانی خۆی دەهێنێتە دی و ناهێڵێت پاشاگەردانی و سەرەڕۆیی لەناو پۆلدا رووبدات .دەتوانین گرینگە بەرێوەبردن و کرنترۆڵ کردنی پۆل لەئەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١ . دابین کردنی کەشێکی پەروەردەیی و ئەکتیڤ و کاریگەر بۆ فێرکردن.

٢ . دەستەبەرکردنی فاکتەرو هۆکاری ئاسایش و دڵنیایی بۆ خوێندکارەکان.

٣ . رەخساندنی بواری کارلێکردنی ئەرێنی ( پۆزەتیڤ ) لە نێوان کاکۆستاو خوێندکارەکان لە لایەك و لە نێوان خوێندکارەکان خۆیان لە لایەکی تر.

٤ . بە پێی پلانی بەرنامە بۆ دارێژراو تەکنە لۆژیای گونجاو و هۆیەکانی فێرکردن بە کاردەهێنرێت.

١. رێکخستنی کات و باش بەکارهێنانی بۆ ئەوەی سەرجەم چالاکیەکانی ماو پۆل بە ئاکام بگەیەنرێت و هیچ کاتێکی خوێندکار بەفیرۆ نەڕوات.

٢. زامنکردنی پەیوەندی دروستی نێوان خوێندکارەکان .

٣. کەمکردنەوەی بوارو کاتەکانی ململانێ و ڕوودانی کێشەو گرفتەکانی نێوان خوێندکارەکان.

٤. بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و فێربوونی خوێندکارەکان.

٥. پەرەپێدانی ئاراستەو ڕاو بۆچوونی ئەرێنی ( پۆزەتیف ) لە لای خوێندکاران دەربارەی خوێندگاو بابەتەکانی خوێندن.

٦. چاندنی بەها ئەرێنیەکانی وەك ( هاوکاری و هاوڕێیەتی و ڕێزگرتنی بەرامبەر )لەلای خوێندکاران.

٧. گەشە پێکردنی سەربەخۆیی و ئازادی وادەربڕین و بڕوا بە خۆبوون لە لای خوێندکاران.

# ئەرکەکانی بەرێوەبردنی پۆل:

- ڕۆڵی بەرێوەبردنی ناو پۆل تەنها پاراستنی هێمنی و بێدەنگی ناو پۆل نیە ،بەڵکو زۆر لەوە بەرفراوانترە و دەتوانین لە ئەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:-

١. کۆنترۆڵکردن و پاراستنی هێمنی ناو پۆل.

٢. ڕێکخستنی ژینگەی ماددی ناو پۆل.

٣. رەخساندنی کەش و هەوای کۆمەڵایەتی و ویژدانی گونجاو.

٤. ئامادەکردنی را پۆرت.

- سەرنجدان و هەڵسەنگاندنی خوێندکارەکان

# جۆرەکانی بەڕێوەبردنی پۆل

- بەڕێوەبردن چەند جۆرێکی هەیە ،هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموو مامۆستایەك بەیەك جۆر مامەڵە لەگەڵ هەموو خوێندکارەکان ناکەن،چونکە جۆری بەڕێوەبردن پەیوەستە بە فەلسەفەو جۆری بیرکردنەوەو کەسێتی مامۆستا ،واتە ئەو مامۆستایەی بڕوای بەوە هەبێت کە سروشتی مرۆڤ شەڕ خوازە ئەوا بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکان دەکات کە زۆر جیاواز دەبێت لە ئەو مامۆستایەی کە لە و بڕوایەدایە کە سروشتی مرۆڤ خێرخوازە یان بێلایەنە.بە شێوەیەکی گشتی چوار جۆری سەرەکی لە بەڕێوەبردن هەیە کەئەمانەی لای خوارەوەن:

# ١- جۆری دیموكراسی

- لەئەم جۆری بەڕێوەبردنە مامۆستا ڕێزی خوێندكارەكان دەگرێت بە پلەی یەكەم پەنا بۆ لێك تێگەیشتن دەبات و وەك پێویست گوێ لە ڕاو بۆچوونەكانیان دەگرێت و بەزۆر شت بەسەریاندا ناسەپێنێت،هەروەها بە شێوەیەكی بابەتیانە دوور لە دەمارگیری و ڕاو بۆچوون و حەزوو ئارەزوی تایبەتی ،بڕیارەكان دەردەكات و بەیەك چاو سەیری هەموو خوێندكارەكان دەكات و جیاوازی ڕەگەزو ئاین و نەتەوە و ناوچە،كارناكەنە سەر بڕیارو مامەڵەكانی لەگەڵ خوێندكارەكان واتە جیاوازی لە نێوانیان ناكات و بە هاوكاری و ڕاوێژكردن لەگەڵ خوێندكارەكان بڕیاردەدات و هەرچ كاتێك بۆی دەركەوت كە بڕیارو مامەڵەیەك لەبەرژەوەندی خوێندكارەكان نیە ئەوا ئامادەیە دووبارە چاو بەو بڕیارو مامەڵەیەدا بخشێنێتەوە.

# جۆری دیکتاتۆری؛

- لەئەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا مامۆستا کەسێکی دیکتاتۆرو خۆسەپێنەر دەبێت و هەرچی مەبەستی بێت بەسەر خوێندکارەکانیدا دەیسەپێنێت و هیچ بەهاو نرخێك بۆ راوبۆچوون و خەزوو ئارەزوەکانی خوێندکارەکان دانانێت و بەبێ راوێژ ،تاك ڕەوانە بڕیارەکان دەدات و گوێ بە ناڕەزایی و گلەییەکانی خوێندکارەکان نادات و خۆی بەسەرچاوەی یەکەم و کۆتایی زانیاری و بڕیارەکان دادەنێت و بەتەنها و بەبێ گوێدان بە پێداویستی و حەزوو ئارەزووەکانی خوێندکاران ، پلان و چالاکیەکان دادەنێت.زۆربەی جاریش ئەم جۆرە مامۆستایانە پەنا بۆ توندو تیژی و سزا دەبات و بە هێز داواکاری و بریارەکانی جێ بەجێدەکات ،بەبێ ئەوەی هیچ رێزو بە هایەك بۆ خوێندکارەکان دابنێت.